# بزاڤی خوێندن و زانستیی شاری کۆیە لە سەدەی نۆزدەدا

**ئاراس محمد صالح** [1]

[1] بەشی خویندنی ئیسلامی، کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

شاری کۆیە مێژوویەکی دێرینی هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە، بە تایبەتی لە ڕووی خوێندن و خوێندەواریەوە پێگەیەکی بەهێزی هەبووە بەبەراورد بە زۆربەی شوێنەکانی تری کوردستان، شاری کۆیەو دەوروبەری لە سەدەی نۆزدەدا زۆر خوێندنگەو ناوەندی گرنگی خوێندەواری تێدا بووە، هەر ئەوەیش وایکردووە ژمارەیەکی زۆر زاناو شاعیر و مامۆستای ناوداری تێدا هەڵکەوتووە، ئەم شارە بەهۆی زۆری مامۆستا و خوێندنگەکانیەوە بە لانکەی زانست (دار العلم) ناوبراوە.
کۆمەڵێک هۆی سەرەکی ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە گەشەکردنی بزاڤی خوێندن و زانست لە شاری کۆیەدا، وەک خەمخۆری و دڵسۆزی خەڵکەکەی لەلایەک و پشتگیری میرە کوردەکان لەلایەکی ترەوە، میرەکانی بابان و سۆران بەردەوام هاوکاری زانایان و پرۆسەی خوێندنیان کردووە، هەموو ئەوانە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر گەشەکردنی خوێندەواری لەو شارەدا.
لە سەدەی نۆزدەدا بزاڤێکی زانستی و ئەدەبی لە شاری کۆیەدا دەرکەوتووە، هەروەها ژمارەیەک شاعیری بە توانای تێدا هەڵکەوتووە و بوژانەوەی شیعری و ئەدەبی لەو شارەدا سەریهەڵداوە، بێگومانە ئەمانە کۆمەڵێک هۆی خودی و بابەتی هەبووەو جێگەی لێکۆڵینەوەی زانستییە.

**کلیلە وشە:** سەدەی نۆزدە، کۆیە، بزاڤی زانستی، قوتابخانە

## Abstract:

The city of is one of the Kurdish cities in Kurdistan, This city has a great role in serving culture and literature throughout its flourishing history, This city in the Ottoman era was belongs to Mosul state and Baghdad state, and during the Kurdish era it belongs to Soran emirate then under the Emirate of Baban, These emirates have quarrels and alterations in order to occupy the city of Koya, especially between the Babanian and Sáranian emirates. In the 19th century, the city of Koya was as a scientific and cultural center of Kurdistan, because the princes of the Kurds support the scholars, schools and the cultural movement, especially the princes of Baban, who have a great role in the service of science and scientists. He brings the family of Hlezadeh and the carpet servant to Koya ensuring their books and education fees. Social and environmental conditions related to the geographical location of the city as one of the commercial stations on the Shahzur and Iran routes at the east, Erbil, Mosul, Al-Shan and Baghdad at the west, led to the establishment of a religious, scientific and cultural center, and in the nineteenth century it witnessed a remarkable scientific and cultural life

**Keywords:** Koya, Education, Cultural Movement, Nineteenth Century, School

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen254

## 1. پێشەکی

سەرەتایەکی کورت لەبارەی شاری کۆیەوە

شاری کۆیە لەسەر ئاستی کوردستان پێشینەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە، ئەم شارە لەبەر ئەوەی شوێنێکی گونجاو بووە بۆ ژیان و خاکی بەپیت و ئاوی هەبووە هەر لە کۆنەوە شوێنی ئاوەدان بووە، مێژووی ئەم دەگەڕێتەوە بۆ چاخە کۆنەکان، لەگەڵ هاتنی لەشکری موسڵمانەکان بۆ کوردستان کۆیە ناوی هاتووە، هەروەها لەسەردەمی حوکمڕانی ئەمەوی و عەباسییەکاندا کۆیە ناوەندێکی ئاوەدان بووە، کاتێک عوسمانیەکان دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە شاری کۆیە کراوە بە سنجاقێکی سەربەخۆ و سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە، لەکاتی دەسەڵاتی میرایەتیە کوردیەکاندا کۆیە سەرەتا سەربە میرایەتی ئەردەڵان بووە، لە پاشاندا کەوتوتە نێوان ململانێی میرایەتی سۆران و بابان، بەڵام زۆربەی کات سەر بە میرایەتی بابان بووە، لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی میرایەتیە کوردیەکاندا لە ساڵی (1851ز) هەتا ساڵی (1918ز) ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا بووە. (جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسی- کۆمەڵایەتییە، ل32 بەدواوە)

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا شاری کۆیە لە ڕووی ژمارەی مامۆستا و فەقێی و خوێندنگەوە ناوەندێکی ئاوەدان بووە، هەتا دروستکرانی شاری سلێمانی و گەشەکردنی لە سەدەی نۆزدەدا، کۆیە لە ڕووی فەرهەنگی و خوێندنەوە لە باشوری کوردستاندا لە ئاستی یەکەمدا بووە، هەروەها لەڕووی ئاوەدانی و ژمارەی دانیشتوانەوە زیاتر لە چوار هەزار ماڵ بووە، ئەمەیش بۆ ئەو سەردەمەی کوردستان ئاستێکی بەرز بووە. (المنشي البغدادي، رحلة المنشي البغدادي الى العراق، ص61-62)

هەروەها بزاڤی خوێندن و خوێندەواری بەبەراورد بە شوێنەکانی تری کوردستان لە ئاستێکی بەرزو مەڵبەندێکی ئاینی گرنگ بووە، لەسەرەتای سەدەی هەژدەو نۆزدەدا بوژانەوەیەکی زانستی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. (دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب4 ل 34-35)

هەر بەهۆی پێگەی گرنگی کۆیەوە چەند بنەماڵەیەکی زانستی لەو شارەدا دەرکەوتون، وەك بنەماڵەی خەتیب، ئیمام، دایە خەجێ، خادیم، تەیب، نازەنینی، جەلی، ئەم شارە لە سەدەی یازدەی کۆچی بەدواوە گەشانەوەیەکی زانستی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ژمارەیەکی زۆر کتێب و دەستنووسی ئەو ماوە مێژوویە گرنگە ئێستا ماوەتەوە کە زانایان و قوتابیانی ئەو شارە نووسیویانەتەوە، لە زۆر شوێنی کوردستانەوە زانایان و قوتابیانی زانست ڕوویان لەو شارە کردووەو لە زانستی زاناکان و قوتابخانەکانی بەهرەمەند بوون.

کاتێك ئەم شارە لەسەدەی نۆزدەی زاینیەوە دەکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی بابانەکانەوە، میرەکانی بابان چەند قوتابخانە لەو شارەدا بنیات دەنێن و گرنگی زۆر بە ژیانی ڕۆشنبیری دەدەن، مامۆستا بۆ خوێندنگەکانی دابین دەکەن و کتێبیان بۆ وەقف دەکەن و هانی زاناکانی دەدەن لەسەر دانانی کتێب و نووسینەوەی دانراوە بەنرخەکان . (الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي، ص34. د. عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كوردستان، ص 144 – 153)

لەکاتی فەرمانڕەوای عەبدولرەحمان پاشای باباندا مەلا عەبدولرەحمانی جەلی کە لەو کاتەدا لە گوندی (جەلی) دا بووە، داوای لێ دەکات بچێتە شاری کۆیە، لەبەر ئەوەی زانایەکی گەورەو ناسراو بووە، میری بابان لەو شارەدا مزگەوت و خوێندنگەی بۆ دەکاتەوەو ژمارەیەك گوندی لەسەر وەقف دەکات، بۆ دابینکردنی پێویستی خوێندنگەکەو قوتابیەکانی، هەروەها دەستنووسە بەنرخەکەی (صحيح البخاري) لەسەر بنەماڵەی جەلیزادە وەقف دەکات، بنەماڵەی جەلیزادەو خوێندنگەکەیان لە سەدەی نۆزدەو هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی شاری کۆیەدا. (مغديد حاجي، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، صفحات من حياة الملا محمد الكويي ب12ل38 وما بعدها)

یەکێک لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی میرەکانی بابان پشتگیری هاوکاری بەردەوامیان بووە بۆ پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیری، ئەو هەوڵەی بابانەکان شاری کۆیەیشی گرتوەتەوەو کاریگەری باشی هەبووە پێشخستنی زانست و ڕۆشنبیری لەو شارەدا. (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، ل328 بەدواوە. هەروەها: الدكتور جواد فقي علي الجوم الحيدري، محمد بن عبدالله الجلي، ص 85-86)

گەڕیدەیەکی وەک (ولیەم هیوود) لە ساڵی (1817ز) لە گەشتەکەیدا سەردانی کوردستانی کردووەو چووەتە شاری کۆیەو بەچاوی خۆی شارەکەی بینیوە، ئەم گەڕیدە وێنەیەکی زۆر ئاوەدانی شاری کۆیە باس دەکات و ئاماژە بە پاکوخاوێنی شارەکەو جوانی مزگەوتەکان و گەورەیی و جموجۆڵی بازاڕی ئەم شارە دەکات و دەڵێت: شاری کۆیسنجاق لە سلێمانی گەورەترەو بیناکانی باشتر دروستکراون، لەوانەیە ژمارەی دانیشتوانی بەلای کەمییەوە بگاتە دوانزە هەزار کەسێک، مزگەوتگەلی جوانی تێدایە کە گومبەزیان بەسەرەوەیە. هەروەها بڕێک باخچەی دڵگیری تێدایە کە کەوتوونەتە سەر کەناری ڕوبارەکە، بەگشتی دەتوانرێ بەشێکی زۆری بەسەر شارگەلی ئاسیەویدا پەسەند بکرێن، شارێکی زۆر پاک و خاوێنەو ئاو و ئاوەڕۆ بڕێک دامەزراوەی گشتی دیکەی تێدایە کە ناتوانین لێرەدا ناویان ببەین، بازاڕی کۆیسنجاق بازاڕێکی گەورەیەو پڕە لە کەل و پەل. (ولیەم هیوود، سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ کوردستان ساڵی (1817ز)، ل56-57)

ئەم وەسفەی کەسێکی وەک (ولیەم هوود) کە بەچاوی خۆی شاری کۆیەی ئەو ڕۆژگارەی بینیوەو زانیاریەکانی لە کاتی خۆیدا تۆمار کردووە بەڵگەی ئاوەدانی و پێشکەوتووی شاری کۆیەیە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، لەو کاتەدا کۆیە لە هەردوو شاری هەولێر سلێمانی گەورەتر بووەو لەڕووی شارستانی و بیناو ئابوریەوە لە ئاستێکی زۆر باشدا بووە، هەروەها بوونی ژمارەیەک مزگەوتی جوانی خاوەن گومەز بەڵگەی گرنگیدان و چالاکی خەڵکی ئەو شارە بووە بە خوێندن و پرۆسەی ڕۆشنبیری.

هەروەها گەڕیدە (المنشي البغدادي) لە ساڵی (1822ز) سەردانی کۆیەی کردووە دەڵێ: کۆیسنجاق شارێکی خۆشەو چوار هەزار ماڵی تێدایەو قەڵایەکی قایمی هەیە، ژمارەی هۆزو عەشیرەتەکانی لە ژمارە نایەن، هەتا سنوری شاری (خۆی) درێژ دەبنەوە، لەلایەکی تریشەوە دەگەنە شاری هەولێر، کشتوکاڵیان توتن و گەنم و ترێیەو میوەهاتی تریشی زۆرە . (المنشي البغدادي، رحلة المنشي البغدادي، ص61.)

شاری کۆیە هەر لە کۆنەوە دەورێکی ئابوری و ڕوناکبیری گەورەی لە ئاستی



Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen254

کوردستانی باشوردا گێڕاوە، لەلایەک جەمسەرو چەقی سەرەڕێی کاروانی بازرگانی نێوان شارە گەورەکانی شام و عێراق لەلایەک، لەلایەکی ترەوەلەسەر ڕێگای بازرگانی شارەکانی کوردستانی ئێرانی وەک سابڵاغ تا دەگاتە تەورێز بووە، هەموو ئەمانەیش وایکردووە ژمارەیەکی زۆر کاروانسەرای تێدا بووە، لەلایەکی دیکەشەوە چونکە مامۆستا و مەلای چاک و خوێندنگەی زۆری هەبووە، بوەتە مەڵبەندی زانین و ئەدەب و ڕوناکبیری، هەموو ئەوانە وایکردووە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە فەقێ و موستەعیدی زانستخواز ڕوویان تێکردووەو لە سەرچاوەی زانیاری مامۆستایانی ئەم شارە بەهرەمەند بوون و لەدوای تەواوکردنی خوێندن خزمەتی زانست و فەرهەنگیان کردووە. (کەریم شارەزا و هاوڕێکانی، کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، ل24.)

لەبەر میوانپەروەری و دڵسۆزی خەڵکی کۆیە بۆ خزمەت کردنی مزگەوت و مامۆستا و قوتابیان، زۆرێک لەو بنەماڵەو کەسایەتیە زانستیانەی بۆ خوێدن چوونەتە کۆیە لەو شارەدا ماونەتەوەو خزمەتی پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیریان کردووەو بوون بە بەشێک لە مێژووی کۆیە، لە هەمان کاتدا ئەو ژمارە زۆرەی فەقێ کەڕوویان لە کۆیە کردووە بۆ خوێندن، لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ناوچە جیاوازەکانی خۆیان دەنگوباسی کۆیەو مامۆستا و فەقێ و خەڵکە دڵسۆزەکەیان گەیاندووەتە هەموو ئەو ناوچانەو ئەوەیش زیاتر ناوبانگی کۆیەی بەرزکردوەتەوە. (مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، ب3ل339)

هەروەها شوێنی جوگرافی کۆیە وەک کاروانسەرایەک وابووەو لە هەموو لایەکی کوردستانەوە خەڵکی ڕوویان تێکردووەو لەو شارەدا حەساونەتەوە، هەر بەو هۆیەوە عەشیرەتی گەورە لەناوچەکانی تری کوردستانەوە چوونەتە کۆیەو لەو شارەدا ماونەتەوەو پیاوی گەورەیان تێدا هەڵکەوتووە، وەک عەشیرەتی جەلالی کە (حەمە مرادی جەلالی)یان تێدا هەڵکەوتووەو کەسێک ڕۆشنبیرو نیشتمان پەروەربووە، وە دەیان بنەماڵەو کەسایەتی تر کە ڕوویان لەو شارە کردووەو تێدا نیشتەجێ بوون . (حاجی محی الدین ئەسعەد، لاپەڕە گرنگە باس نەکراوەکانی مێژوی کۆیە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ل81-87.)

## 2.باسی یەکەم :هۆیەکانی گەشەکردنی خوێندن لە شاری کۆیەدا

بزاڤی خوێندن و زانست لە شاری کۆیەدا پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، بێگومان لە وڵاتێکی کشتوکاڵی وەک کوردستانداو نەبوونی دەوڵەتێکی نیشتمانی و نائارامی سیاسی چەندین بەربەستی تر، لە هەمان کاتدا نەبوونی شاری گەورەو دامەزراوەی پێشکەوتوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە شاری کۆیەدا دەیان زانا و شاعیر و نوسەری گەورە پێگەیشتوون، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەدا بوژانەوەیەکی زانستی و ئەدەبی لەو شارەدا سەریهەڵداوە، بێگومان کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو شارە بوونەتە هۆی ئەو گەشانەوەیە، لە گرنگترینیان:

### 1. پێشینەی مێژووی شاری کۆیە:

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا شاری کۆیە یەکێکە لە شارە کۆنەکانی کوردستان و پێشینەیەکی مێژووی دێرینی هەیە، بەدرێژایی مێژوو شارێکی ئاوەدان بووە، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا جێگەی بایەخی ئەو دەوڵەتە بووە، لە ڕۆژگاری میرایەتیە کوردیەکاندا جێگەی ململانێی میرایەتی بابانی و سۆرانی بووەو هەریەکەیان لەهەوڵی ئەوەدا بوون بیخەنە سەر قەڵەمڕەوەکەیان، لە سەدەی نۆزدەدا شارێکی ئاوەدان بووەو خاوەنی بازاڕ و مزگەوت و خوێندنگە و زیاتر لە هەشت ئاش و حەمام بووە. (شمس الدين سامی، کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، ل287-288)

هەموو ئەوانەیش کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری لە کۆیەدا، بە تایبەتی کە لەو ڕۆژگارەدا بەشێکی زۆری کورد کۆچەر بوون و گەرمیان و کوێستانیان کردووەو کەمتر هەلی خوێندن و پشتگیری پرۆسەی خوێندنیان بۆکراوە، هەروەها لە کۆمەڵی کشتوکاڵیدا خەڵکی زیاتر پێویستی بەدەستی کارەو ناتوانێت خۆی بۆ خوێندن تەرخان بکات کە لەو کاتەدا کۆمەڵی کوردی کۆمەڵێکی کشتوکاڵی بووە.

لەبەر ئەوەی کۆیە شار بووە، خەسڵەتی شاریش یاسای تایبەتی خۆی هەیە، کە لە گوندی جیا دەکاتەوە، شار بە مانای خوێندەوار بوونی خەڵکەکەیی و دامودەزگای هەمەجۆر دێت، بۆیە ئەدەب و هونەر لەم کەش و هەوایەدا نەک دێتە بەرهەم بەڵکو دەگاتە ڕادەی داهێنان، شار بەو واتایە دێت کە هزرو دیاردە ئەدەبی و هونەریەکان سەرهەڵدەدەن و دەکەونە ململانێ و پێشبڕکێ، لە هەرشوێنێکیش ململانێ هەبوو، ئاستی ڕۆشنبیری گەشە دەکات . (جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە، ل194.(

### 2. فرە ئاینی لە شاری کۆیەدا:

کۆیە شارێکی فرە ئاینی جیاوازە، بەدرێژایی مێژوو خەڵکی ئەو شارە لەگەڵ ئەو جیاوازیانەدا هەڵیانکردووەو هیچ بەریەککەتن و توندوتیژیەک شایانی باس بێت لەناو شوێنکەوتوانی ئاینە جیاوازەکاندا نەبووە، ئەوەیش یەکێکە لە خاڵە جوانەکانی مێژووی کۆیە، بەدرێژایی مێژووی ئەو شارە موسڵمان و مەسیحی و جولەکەی تێدا بووە، بە هەموویان وێنەیەکی جوانی پێکەوەژیانیان پێکهێناوە، فرە ڕەنگی و جیاوازی ئاین و کەلتورو بیرکردنەوەی جیاوازی پێکهاتەی دانیشتوانی هەر شوێنێک کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەی فەرهەنگی و کەلتوری.

لە ساڵی (1214ک- 1800ز) کۆی گشتی دانیشتوانی کۆیە (18000) هەزار کەس بووە، لەو ژمارەیە (500) مەسیحی و (160) جولەکەو ئەوی تری موسڵمان بووە، بێگومان ئەو فرە ڕەنگیەو پێکەوە هەڵکردنیان لەو شارەدا هۆیەکی گەشەکردنی فەرهەنگ و کەلتوری ئەو شارە بووە. (تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، ب1ل134-135.)

### 3. ململانێی تەریقەتە سۆفیگەریەکان:

لەسەدەی نۆزدەدا ڕەوشی ئاینی کوردستان لە ژێر هەژمونی تەسەوفدا بووە، شاری کۆیەش لەو هاوکێشە بەدەر نەبووە، ڕێبازی قادری لە ڕێگەی شێخانی بەرزنجیەوە چوەتە کۆیەو گەشەی کردوو. (کەریم شارەزاو هاوڕێکانی، کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، ل192-193). هەروەها ڕێبازی نەقشبەندی لەڕێگای مەلا عەبدولرەحمانی جەلیبیەوە چووەتە کۆیە، ئەم دوو ڕێبازە سۆفیگەرییە بەردەوام لە ململانێ و زۆر کردنی شوێنکەوتوانی خۆیاندا بوون، ئەو ململانێ کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەکردنی بزاڤی زانستی و ئەدەبی لە شاری کۆیەدا . . ( ابراهيم فصيح الحيدري، المجد التالد فی مناقب مولانا خالد، ص96).، ل192-193). هەروەها: (د.ئاراس محمد صالح، هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا، ل35-36).

### 4. شوێنی جوگرافی:

لەبەر ئەوەی کۆیە کەوتوەتە سەر ڕێگای بازرگانی نێوان شارە گەورەکانی وەک موسڵ و شام و بەغداد لەلایەک، لەلایەکی ترەوە شارەکانی وەک تەورێزو هەمەدان و هەموو

سنوری میرایەتی ئەردەڵان و بابان لەلایەکی ترەوە، ئەو شوێنە جوگرافی و پێگە ئابوریە گرنگەی کۆیە هەیبووە، هاوکاری کردوە کە بەردەوام چەندین کاروانسەرای تێدا بووەو خاوەنی بازاڕی گەورە بووە، بێگومان بەهێزی پێگەی ئابوری کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری هەموو شار و کۆمەڵگەیەک و شاری کۆیەیش لەو هاوکێشە بەدەرنەبووە . (زبیر بلال اسماعیل، اربل فی أدوارها تاریخیة، ص350 وما بعدها. مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، ب1ل328-329)

### 5. بایەخدانی میرە کوردەکانی بە پرۆسەی خوێندن:

لە ڕۆژگاری میرایەتیە کوردیەکاندا ئەو میرانە گرنگی زۆریانداوە بە پرۆسەی خوێندن و خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی وڵات، هەروەها هاوکاری و پشتگیریان بۆ زانایان و مزگەوت و خوێندنەگەکانیان کردووە، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری بەهێزی هەردوو میرایەتی سۆران و باباندا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، هاوکاری ئەو میرانە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر گەشەکردنی و کشتوکاڵ و ئارامی کۆمەڵایەتی و بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری، هەموو ئەوانەیش بوونەتە هۆی دەرکەوتنی چەندین زانای گەورەی کە خوێندنیانی لە شاری کۆیەدا تەواو کردووە یان بەشێک لە خوێندنیان لەو شارەدا بووە، وەکو مەلا عەبدولڕەحمانی جەلیزادە و مەلا ئەسعەدی جەلیزادەو حاجی قادری کۆیی و دەیانی تر، هەردوو میری کورد (پاشای کۆرەو عەبدولڕەحمان پاشای بابان) لەو ڕۆژگارەدا هەیەکەیان بۆ ماوەیەک دەسەڵاتی بەسەر شاری ۆیەدا هەبووە، پاشای کۆرەی سۆران بڕیاری دابوو نابێت هیچ زانایەک بەبێ دەرس وتنەوە لە مزگەوتەکاندا دابنیشێ و هاوکاری زانایانی کردووەو خوێندنگەو پێویستیەکانی خوێندنی بۆ ئامادەکروون . (ابراهیم فصیح الحیدري، المجد التالد في مناقب مولانا خالد، ص106.)

هەروەها عەبدولڕەحمان پاشای بابانیش لە شاری کۆیەدا شوێن دەستی دیارەو هاوکاری پرۆسەی خوێندنی کردووە، هەر بۆیە شاعیری هۆشیارو نیشتمان پەروەر حاجی قادری کۆیی کە لەو ڕۆژگارەدا هەوڵەکانی میری کۆرەو میری بابانی بەچاوی **خۆی بینیوەو لەبارەیانەوە دەڵێت:**

**تا تەعیانی (کۆر) و (لاڵ) مابوو**

**لە گەڵێ دێیەکان مەلای چابوو**

**ئەو دوانە بەڕەحمەتی خوا چوون**

**شارەکان بێ مەلا و مودەڕیس بوون .**

(دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل236)

حاجی قادر لەو کاتەدا هێشتا لە کۆیەدا بووە، هەربۆیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەسەردەمی میری (کۆر و لاڵ) مەبەستی لەکۆر پاشای کۆرەی ڕەواندزەو لە (لاڵ) مەبەستی عەبدولڕەحمان پاشای بابانە، کە لەسەردەمی ئەو دوو میرەدا، مزگەوت و خوێندنگەکان ئاوەدان بوون و لە زۆربەی دێهاتەکاندا مەلای باش هەبووە، بەڵام لەدوای کۆتاییهاتنی ئەو دوو میرایەتیە بوژانەوەی زانستی ڕووی لە کزی کردووە . (مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، ب1ل354.)

لە ململانێی نێوان میرایەتی بابان و سۆراندا کە لە هەوڵی پێشخستن و فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەیاندا بوون لە هەموو ڕویەکەوە، بەتایبەتی لە هەوڵی کۆکردنەوەی زانا گەورەکان لەناو سنوری میرایەتیەکەیاندا، لەو ململانێیدا شاری کۆیە سودمەند بووە، هەر یەکێان هەوڵیانداوە ئەو شارە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، هەروەها لەکاتی دەرکەوتنی مەلا عەبدولڕەحمانی کاکی جەلیدا وەک زانایەکی گەورە، عەبدولڕەحمان پاشای میری بابان هەر زوو بردویەتە شاری کۆیە، چونکە گوندی جەلی نزیک بووە لە سنوری میرایەتی سۆرانەوە بۆ ئەوەی میری سۆران بەلای خۆیدا راینەکێشێ بۆ سنوری میرایەتیەکەی. (زبیر بلال اسماعیل، علماء ومدارس في أربیل، ص60-61.)

### 6. هاوکاری کردنی پرۆسەی خوێندن لەلایەن خەڵکی کۆیەوە:

بەدرێژایی مێژوو لە کوردستاندا ئەرکی دروستکردن و هاوکاری مزگەوت و مامۆستا و فەقێ لەسەر شانی خەڵکی بووە، خەڵکی شارو گوندەکان زۆرکات پێش ماڵی خۆیان بناغەی مزگەوتیان داناوە، مزگەوت لە هەموو کوردستاندا لە یەک کاتدا جێگەی خواپەرستی و پرۆسەی خوێندن و بۆنە کۆمەڵایەتیەکان بووەو پیرۆزیەکی زۆری هەبووە لای تاکی کورد، ستایشکردنی ڕۆژهەڵاتناسێکی وەک (ولیەم هیوود) لەبارەی مزگەوتەکانی کۆیەوە بە جوان و بوونی گومەز لەو ڕۆژگارەدا بەڵگەی ئاشکرای خەڵکی ئەو شارەیە بۆ خزمەتی مزگەوت خوێندنگەکان. (ولیەم هیود سەفەرنامەی ولیەم هیود، ل56-57.)

هەبوونی ژمارەیەکی زۆر مزگەوت و خوێندنگە لە کۆیەداو کۆبونەوەی دەیان فەقێ لەو شارەدا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر گەشەکردنی بزاڤی خوێندن، لە شاری کۆیەدا (500) موستەعیدو فەقێ خوێندوویانەو لە مزگەوت و تەکێ و خانەقاکاندا ماونەتەوەو زۆربەیان خەڵکی دەرەوەی کۆیە بوون، مزگەوتێکی وەک مزگەوتی مەلا ئەسعەد زیاتر لە حەفتا (70) ڕاتبەی فەقێی بۆ کۆکراوەتەوە، هەموو ئەوانە بەڵگەی ئاشکرای دڵسۆزی خەڵکی کۆیەیە بۆ پرۆسەی خوێندن، هەر ئەو هاوکاری و دڵسۆزیەی وایکردووە دەیان فەقێ کە چوونەتە ئەو شارە دوای تەواوکردنی پرۆسەی خوێندن لەو شارەدا ماونەتەوەو بوونەتە بەشێک لە مێژووی ڕۆشنبیری و ئەدەبی شارەکە. (مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، ب1ل269-270)

### 7. ئارامی سیاسی و ئابوری:

شاری کۆیە لە بەر ئەوەی دور بووە لە سنوری هێرش و پەلامارەکانی دەوڵەتی ئێرانی کە بەردەوام لە ململانێدا بووە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیداو زۆربەی کات شەڕو هێرشەکانیان ناوچەی شارەزور و سلێمانی گرتوەتەوەو بوەتە هۆی وێرانبوونی ئەو ناوچەیە، لە هەمان کاتدا ململانێی میرەکانی بابان لەناو خۆیانداو ئەو هەموو کێشەی بۆ میرایەتی بابانیان دروستکردووە، لەلایەکی ترەوە پەلامارەکانی والی بەغداد بۆ سەر میرایەتی بابان، لە هەمان کاتدا هێرش و پەلامارەکانی میری سۆران بۆ سەر سنوری بابان لە هەموو ئەو هێرش و پەلامارانەدا شاری کۆیە بەهۆی پێگە جوگرافیەکەوە کەمترین زیانی بەرکەوتووەو توانیویەتی خۆی لە ئاگری ئەو شەڕانە بپارێزێت و کەمترین کاریگەری هەبێت لەسەر رەوتی ژیان لەو شارەدا، لە ساڵی (1827ز) میری سۆران دەتوانێت کۆیە داگیر بکات و عوسمانی بەگی برای کردوەتە حاکمی کۆیە، بەڵام لەو هێرشەدا شەڕ ڕووی نەداوەو میری بابان بە ئاشتی شارەکەی چۆڵکردووە، لەدوای ئەوەی میری کۆرە دەستی بەسەر ئەو شارەدا گرتووە لە دەوری شار چەند قوڵەو قەڵایەکی دروستکردوەو لەناو شاریشدا قەڵایەکی بەهێزی بنیاتناوەو دیاری و هاوکاری زۆری پێشکەش بە کەسایەتیەکانی ئەو شارە کردووە . (زبیر بلال اسماعیل، أربل في أدوارها تاریخیه، ص310 وما بعدها)

لەگەڵ دەیان کۆسپ و نەبوونی مەڵبەندی زانستی گەورەو گرنگی نەدانی دەوڵەتی عوسمانی بە پرۆسەی خوێندن لە کوردستاندا، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەسەدەی نۆزدەدا چەندین زانای گەورەو شاعیری بەهرەمەند لە کوردستان وبەگشتی و شاری

کۆیەدا بە تایبەتی پێگەیشتوون، هەموو ئەمانەیش بەرهەمی خوێندنگەی مزگەوتەکان و مامۆستایان و دڵسۆزی و هاوکاری خەڵکی ئەو شارە بووە بۆ زانست و ئەدەب و ڕۆشنبیری، چونکە هەموو کەسێک لای خۆیەوە هەرچەندی لە توانایدا بووە دریغی نەکردووە هاوکاری پرۆسەی خوێندن بووە. (المحامي عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، م8ص358-359)

هەموو ئەو هۆیانەی ئاماژەی پێکراو چەند هۆیەکی بابەتی تر کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی کەلتورو بزاڤی خوێندن و ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری لە شاری کۆیەدا.

## 3. باسی دووەم :بنەماڵە و مەڵبەندە زانستیەکانی کۆیە لە سەدەی نۆزدەدا

لە مێژووی شاری کۆیە چەندین بنەماڵەی زانستی دەرکەوتوون و خزمەتی زۆریان بە بواری خوێندن و ڕۆشنبیری کردوە لەو شارەو هەموو کوردستاندا، ژمارەیەک لە خوێندنگە ئاینییەکانی کۆیە توانیویانە پارێزگاری لە نەریتی خۆیان لە بواری زانستدا بکەن، ئەمانە بوونەتە مەڵبەندێکی گرنگ لە پێگەیاندنی دەستەی ڕۆشنبیری کورد، کە گۆشکرابوون بە هەندێ بنەمای فیکری و نەتەوەیی. (جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە، ل191)

لێرەدا بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ڕۆل و گرنگی خوێندنگەو زانایانی کۆیە هەوڵدەدەین جەخت بکەینەوە لەسەر ئەو خوێندنگەو بنەماڵەی زانستیانەی لە سەدەی نۆزدەدا خزمەتی پرۆسەی خوێندن و ژیانی ڕۆشنبیریان کردووە لەو شارەو دەوروبەریدا، لە گرنگترین بنەماڵە زانستیەکانی سەدەی نۆزدەی شاری کۆیە:

### 1. بنەماڵەی حەوێزی:

حەوێزیەکان بنەماڵەیەکی دێرینی شاری کۆیەن و خزمەتی زۆریان بە بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری لەو شارەدا کردووە، ئەم بنەماڵەیە زۆر مەیلیان لە خوێندەواری بووە، بۆیە هەر لە کۆنەوە زۆربەیان شانازیان بە نازناوی فەقێ ومەلایەتیەوە کردووەو تەنانەت پێش نازناوی ئاغایەتیان خستوە، حەوێزیەکان بەهۆی بایەخدانیان بە خوێندن زۆر شاعیر و ئەدیبیان تێدا هەڵکەوتووەو خزمەتی مێژووی ڕۆشنبیری کوردیان کردووە. (کەریم شارەزاو هاورێکانی، کۆیە لەڕەوتی شارستانیەتدا، ل150 بەدواوە)

لە بنەماڵەی حەوێزیدا گەلێک پیاوی گەورەو ژنی ناودار هەڵکەوتووەو لە بواری ڕۆشنبیری و شارستانیەتدا خزمەتیان کردووە، حەمە ئاغای حەوێزی کە هاوچەرخی عەبدولڕەحمان پاشای بابان بووە گەورەی بنەماڵەی حەوێزی بووە، هەروەها حاجی مەلا بەکر ئاغا یەکێکی ترە لە کەسایەتیەکانی حەوێزی و شاعیر بووەو نازناوی شیعری (قاصید) بووە، حاجی مەلا بەکر ئاغا لە ساڵی (1200ک-1785ز) لە دایک بووە، لەدوای مردنی باوکی لەڕووی کارگێڕی و سیاسی و ڕۆشنبیریەوە خزمەتی بە شاری کۆیە کردووە، شاعیرێکی بە توانا بووەو دیوانێکی شیعری بە فارسی هەیە، لە ماڵەکەی خۆیدا کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووەو بەردەوام دیوەخانەکەی جێگەی کۆڕی شیعرو کۆبونەوەی شاعیران و ئەدیبان و گەورە پیاوان بووە . (مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، ب1ل204.)

حاجی مەلا بەکر ئاغا پیاوێکی خێرخوازو بەخشندە بووەو هاوکاری هەژارو لێقەوماوانی کردووە، لە ساڵی (1260ک-1844ز) مزگەوتی حاجی بەکر ئاغای حەوێزی دروستکردووە، ئەم مزگەوتە بووەتە ناوەندێکی خوێندن و ڕۆشنبیری گرنگ لە شاری کۆیەدا، حاجی بەکر ئاغا و کوڕەکانی سەرپەرشتیان کردووە (وەقف)یان بۆ داینکردووە. (المحامي عباس العزاوي، أربل في مختلف العصور اللواء والمدينة، ص110)

یەکێکی تر لە کەسایەتییە ڕۆشنبیرو ناسراوەکانی بنەماڵەی حەوێزی ئەمین ئاغای کوڕی حاجی مەلا بەکر ئاغای حەوێزییە، کە نازناوی شیعری (ئەختەر)ە، لە ساڵی (1839ز) لە کۆیە دایک بووەو لە ساڵی (1888ز) کۆچی دوایی کردووە، ئەختەر کەسایەتیەکی ناسراوی سیاسی و کارگێڕی بووە، ئەم شاعیرە بەهرەمەندە دەستێکی باڵای هەبووە لە بوژانەوەی مەقام و شیعری کوردیدا، دیوەخانەکەی جێگەی کۆڕو کۆبوونەوەی شاعیرانی ئەو سەردەمەی وەک حاجی قادری کۆیی و کەیفی جوانڕۆیی و حاجی مەلا عەبدوڵای جەلیزادەو شێخ ڕەزای تاڵەبانی چەندانی تر بووە. (کەریم شارەزاو هاورێکانی، کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، ل155)

مزگەوتی مەلا بەکری حەوێزی یەکێک بووە لە مەڵبەندە زانستییە گرنگەکانی شاری کۆیە، لەبەر ئەوەی بنەماڵەی حەوێزی هاوکاری بەردەوامیان کردووەو وەقفیان بۆ داینکردووە، هەربۆیە ئەم ناوەندە زانستیە توانیویەتی بەردەوام بێت لە خزمەت بە بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری، یەکێک لەو مەلا بەتواناییانەی لەو مزگەوتەدا خزمەتی کردووە مەلا بەهادینی مەلا تەیب بووە، زیاتر لە پەنجا ساڵ لەو مزگەوتەدا خزمەتی کردووەو ژمارەیەکی زۆر لەسەردەستیدا پێگەیشتوون و لەدوای خۆشی مەلا محەمەدی کوڕی لەو مزگەوتەدا بەردەوام بووە لە خزمەتکردن بە پرۆسەی خوێندن، یەکێک لەو دەستنووسانەی لەو مزگەوتەدا نوسراوەتەوە، کتێبی (مەولود نامە) لە دانانی مەلا عەبدوڵای جەلیزادەیە، هەروەها دەستنووسی (رسالة مير أبي فتح على رسالة الاداب) لە نووسینەوەی مستەفای کوڕی ئەحمەد لەو مزگەوتەدا نوسراوەتەوە، هەر لە مزگەوتەدا مەلا صالح و مەلا عەبدولڕەحمان عەباس مەلایەتیان کردوەو وانەیان وتوەتەوە . (د.عماد عبدالسلام ررؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص148-149)

### 2. بنەماڵەی جەلیزادە:

جەلیزادە یەکێکە لە بنەماڵە زانستیەکانی شاری کۆیە، ئەم بنەماڵەیە خزمەتی زۆریان بە بواری خوێندن و ڕۆشنبیری کۆیە کردووە، بنەماڵەی جەلیزادە درێژکراوەی خێزانێکی زانستیین کە بۆ چەند سەدەیەک خزمەتی زانست و ئەدەب و ڕۆشنبیرییان کردووە، لە بنەڕەتدا لە کوردستانی باکورەوە هاتوونەتە گوندی بێگەلاس و پاشان شیواشان و دواتر چوونەتە گوندی جەلی، لە ساڵی (1795ز) لەسەر داوای عەبدولرەحمان پاشای بابان چوونەتە کۆیەو مزگەوت و خوێندنگەی بۆ کردوونەتەوە، لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی بتوانن وەکو پێویست خوێندنگەو پرۆسەی خوێندن گەشەپێبدەن گوندەکانی (جەلی و پیبازۆک و چنارۆک و قەصرۆک و هیزۆب و گەلی گوڵان)یان بۆ وەقف دەکات، ئەم بنەماڵە زانستپەروەرە دوای نیشتەجێ بونیان لە شاری کۆیەدا دەیان مەلا و شاعیرو ڕوناکبیر لە خوێندنگەکانیاندا پێگەیشتوون و لە دوای تەواوکردنی خوێندن لە کۆیەو هەموو کوردستاندا خزمەتی زانست و ڕۆشنبیرییان کردووە. (د.کەمال مەعروف، سەرجەمی بەرهەمەکانی حاجی مەلا عەبدوڵای جەلیزادە، ل5)

لە سەدەی نۆزدەدا چەند زانایەکی بنەماڵەی جەلیزادە لە شاری کۆیەدا خزمەتی زانست و ڕۆشنبیری کردووە، یەکەم زانای ئەم بنەماڵەیە لە شاری کۆیە (مەلا عەبدولرحمانی جەلی بووە، میری بابان لە کۆیەدا مزگەوت و خوێندنگەی حاجی مەلا ئەسعەدی بۆ نۆژەن کردوەتەوەو کتێبی بۆ داینکردووە، لە ساڵی (1802ز) کۆچی دوایی کردووەو لە کۆیە نێژراوە. (طاهر البحركي، حياة الأمجاد من العلماء الأكراد، م2ص54-955

لەدوای کۆچی دوایی مەلا ئەسعەدی کوڕی لە جێگەی دانیشتووەو دەرسی وتوەتەوە، هەتا لە ساڵی (1871ز) لە سەفەری حەج لە شاری مەکە کۆچی دوایی

کردووەو هەر لەوێ نێژراوە. لەدوای کۆچی دوایی مەلا ئەسعد حاجی مەلا عەبدوڵای کوڕی لە جێگەی دانیشتووە، مەلا عەبدولا لە ساڵی(1830ز) لەدایک بووەو لە ساڵی 1908ز) کۆچی دوایی کردووە. (زبیر بلال اسماعیل، علماء ومدارس في لربیل، ص59-960

لەدوای کۆچی دوایی حاجی مەلا عەبدولا مەلا محەمەدی جەلی (مەلای گەورە) کۆیە (1876-1943ز) لە جێگەی باوکی دانیشتووەو وانەی وتوەتەوەو وتابێژی و پێشنوێژی کردووەو بەرپرسی فتوا بووە. (عبدالخالق عەلادین، کۆیەو ناودارنی، ل32-( 33

بنەماڵەی زانستی جەلیزادە زیاتر لە سەدەو نیوێک لە شاری کۆیەدا خزمەتی زانست و رۆشنبیریان کردووەو دەیان و سەدان مەلای باش و خوێندەوارو نوسەرو روناکبیریان پێگەیاندووەو دەیان کتێب و دەستنووس و دیوانە شیعریان لەدوا بەجێهاوە . (مەلا عبدالکریم مدرس، بنەماڵەی زانیاران، ل555 بەدواوە)

بنەماڵەی جەلیزادە لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد و مزگەوتی گەورە خزمەتیان کردووە، لەبەر ئەوەی هەردوو مزگەوتەکە بەدەست جەلیزادەکانەوە بووە بە مزگەوتی (خوارێ و سەرێ)یش نابراون، مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد زۆر کۆنەو پێش جەلیزادەکان بنەماڵەی مەلا عەبدوڵای گەلی گولانی لەسەربووە، مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد لە رۆژگاری مەلا عەبدولرەحمانی جەلیدا بووەتە ناوەندێکی گرنگی خوێندن و زانست و راتبەی (80) ماڵ بۆ ئەوە مزگەوتە بووە، ئەوەیش بەڵگەی زۆری فەقێیە لەو مزگەوتەدا . (تاهیر ئەحمەد حەویزی، مێژووی کۆیە ب2ل182-183.(

شاعیرێکی هۆشیاری وەک حاجی قادری کۆیی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە شاری کۆیە خوێندوویەتی و هەوڵ و خزمەت و توانای زانستی زاناکانی ئەو بنەماڵە زانستییەی بینیوەو خودی خۆشی لە خوێندنگەی ئەواندا بەهرەمەند بووە، لەبارەی خزمەتی زانستی ئەو بنەماڵەیەوە دەڵێت:

**بە غەیری جەددی ئێوە کێهە دانا**

**لە کوردستان ئەساسی عیلمی دانا .**

(دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل246.)

مەلا عەبدوڵای کوڕی مەلا ئەسعەد لە دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لە هەردوو مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد و مزگەوتی گەورە مەلایەتی کردووە، لەدوای کۆچی دوایی مەلا عەبدوڵا مەلا محەمەدی گەورەش (مەلای گەورەی کۆیە) لە هەردوو مزگەوتەکەدا خزمەتی زانست و خوێندنی کردووە، مەلای گەورە شاعیر و نوێخواز بووە، ئەم زانا بەهرەمەندە کەوتوەتە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ریفۆرمی شێخ محەممەد عەبدەو خاوەنی بیری نوێکردنەوەی ئاینی و چاکسازی بووەو ئایندای و کوردایەتی پێکەوە گرێداوە. (د.ئاراس محمد صالح، زانایانی ئیصلاح و نوێکردنەوەی ئاینی لە کوردستان، ل145)

### 3. بنەماڵەی بەرزنجەییەکان:

بنەماڵەی بەرزنجەییەکانی کۆیە لە سەردەمی شێخ مارفی نۆدێی هاتوونەتە کۆیە، یەکەم کەسیان شێخ کەریمی شێخ ئەحمەد بووە، شێخ کەریم پیاوێکی خواناس بووەو لە کۆیە تەکیی کردووەتەوەو ئامۆژگاری خەڵکی کردووەو تەریقەتی قادری بڵاوکردوەتەوە، ئەم شێخ کەریمە لەسەر داوای خەڵکی کۆیەو بەڕەزامەندی شێخ مارفی نۆدێی چووەتە کۆیە، لەدوای کۆچی دوایی شێخ کەریم لە ساڵی (1896ز) شێخ نەجمەدینی کوڕی بووەتە رابەری تەکیی قادری لە شاری کۆیەو جێگەی باوکی گرتوەتەوە . (کەریم شارەزاو هاورێکانی، کۆە لە رەوتی شارستانیەتدا، ل192-193)

بنەماڵەی شێخانی بەرزنجە لە کۆیەدا بەهۆی گرنگیدانیان بە خوێندن و زانست و ئەدەب چەند شارعێرێکیان تێدا هەڵکەوتووە، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە گەشەپێدانی ئەدەب و رۆشنبیری لە شاری کۆیەدا، لەو شاعیرانەی لەم بنەماڵەدا هەڵکەوتوون: (نیهانی) و (حەزینە) و (حوسەینی) بوون.

#### أ. نیهانی:

ناوی شێخ محێدین کوڕی شێخ کەریم کوڕی ئەحمەدی بەرزنجەییە، لە ساڵی (1865ز) لە کۆیە لە دایک بووە، خوێندنی مەلایەتی تەواوکردووە، لەساڵی (1883) لەگەڵ باوکی دەچێ بۆ سلێمانی و سەردانی کاک ئەحمەدی شێخ دەکەن و ئیجازەی رێبازی قادری لێوەرگرتووە، بە مەلایەتی زۆر شوێن گەڕاوە، نیهانی لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ئاینی و زانست و ئەدەبپەروەر لەدایکبووە، لەشارێکی شیعردۆستدا گەشەی کردووەو هۆش و هەستی بە شیعری غەزەلی ناسک و تەڕو پاراو ئاشنا بووە، ئەم شاعیرە بەهرەمەندە بە زمانێکی تەڕو پاراوی ئەدەبی وەک نالی و سالم و کوردی و شاعیرانی کلاسیکی کوردی شیعری نووسیوە، نیهانی لەگەڵ مەلایەتی و شێخایەتیدا شاعیرێکی باش و هەست ناسک بووە، لە ساڵی (1934) کۆچی دوایی کردووە . (کەریم شارەزا، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ل69-75)

نمونەیەک لە شیعری نیهانی:

**وا هاتە دەرێ گوڵ لە سەروپەردەیی نازی**
**ئەی خۆم بە فیدای سەروی قەدی و دیدەیی بازی**
**با لەنجەیی سەر پەنجە لەسەر تەرزی درازی**
**بۆ قەتڵی منی سوختە وا هاتووەتە جەولان**
**سا تۆبی و خودا بمکوژە شاهەنشاهی غازی**

(د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب4ل74)

#### ب. حەزینە:

ناوی زەینەب کچی شێخ کەریم و خوشکی گەورەی (نیهانی) بووە، شاعیرێکی ئافرەتی ناوداری کورد و هونەرمەندێکی دەست ڕەنگین بووە، لە ساڵی (1863ز) لە کۆیە لەدایک بووە، خێزانی حاجی مەلا عەبدوڵای جەلیزادەی باوکی مەلای گەورەی کۆە بووە، لە ساڵی (1918ز) کۆچی دوایی کردووە. ئەم شاعیرە هەست ناسکە لە ساڵی (1908ز) کە مەلا عەبدوڵای هاوسەری کۆچی دوایی کردووە، شیعرێکی بۆ نووسیوەو لە سەرەتاکەیدا دەڵێت:

**ئەی ڕەفیقانی شەریعەت بێن بکەن گریان و شین**
**حەیفە بۆ ئەو قوتبی کامیل کۆچی کرد بۆ ژێر زەمین**
**حەیفە بۆ ئەو کۆهی عیرفان و دەلیلی ڕاهی حەق**
**پێشەوای ئەهلی مەحەبەت ئەو (رئیس العاشقین) .**

(کەریم شارەزاو هاورێکانی، کۆیە لە رەوتی شارستانیەتدا، ل259-260)

#### ج. حوسەینی:

ناوی ئەحمەدی کوڕی شێخ کەریم و برای (نیهانی) و (حەزینە)ی شاعیرە، لە ساڵی (1888ز) لە کۆیە لەدایک بووە، شاعیرێکی هەست ناسک و دڵ تەڕ بووە، لە هەمان کاتدا شارەزایەکی هونەرمەندی مەقام و ئاوازی کوردی بووە، لە سەردەمی ژیانیدا مزگەوت و تەکێ و خانەقاو دیوەخانەکان تەنانەت چایخانەکانی کۆیە جێگەی شیعر و ئاوازی ئەم شاعیرەو شاعیرو هونەرمەندانی تری کۆیە بوون، لە نمونەی شیعری

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen254

حوسەینی:

**زەمانێکە لە عیشقی تۆ دڵم ناشادو ڕەنجوورە**
**بناغەی دڵ لە گەرمی عیشقدا ویران و خاپوورە**
**بەسۆزی عیشقدا سینەم شەرەر دێنێ وەکو کورە**
**لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میثلی تەنوورە**

ساڵی (1933ز) کۆچی دوایی کردووە (عەبدولخالق عەلائەدین، کۆیەو ناودارانی، ل (300-298

**د. بنەماڵەی خادیم و سوجادە:**

یەکێکی تر لە بنەماڵە زانسنیەکانی کۆیە بنەماڵەی خادیم و سوجادەیە، لەبەر ئەوەی بەرماڵی پێغەمبەریان (د.خ) لابووە بەو نازناوەوە ناسراون، لە ساڵی (1225ک-1810ز) عەبدولڕەحمان پاشای میری بابان مزگەوتی (منارە)ی لە کۆیە بۆ مەلا سەعدی خادیم و سوجادە دروستکردووە، مەلا سەعدی زانایەکی گەورە بووە، لە ساڵی (1150ک-1737) لەدایک بووەو خوێندنی تەواو کردووە، ئەم زانا بەهرەمەندە زۆر کتێبی نووسیوە، کتێبەکانی خۆی لەسەر یەک داناوە بە قەد باڵای خۆی بووە، یەکێک لە کتێبەکانی بە ناوی (الدرر اللامعة فی بیان أشکال بعض الایات الساطعة) زانای گەورە (أبو ثناء الالوسی) (تقریظ)ێکی لەسەر نووسیوەو وەسفی مەلا سەعدی دەکات بە زانای تەنهاو بێوێنەی سەردەمی خۆی، ئەم زانایە لە ساڵی (1260ک-1844ز) دوای تەمەنێکی زۆر لە خزمەتی زانستدا لەشاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە . (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بنەماڵەی زانیاران، ل607-608.)

لەبەرئەوەی ئەم بنەماڵەیە بەرماڵی پێغەمبەریان لابووە ساڵانە دەیەکی بەرهەمی دەشتی کۆیەو گوندی مەلا زیاد بۆ خوێندنگەو مزگەوتی ئەو ئەو بنەماڵە بووە، لە دوای مەلا محەمەد ئەفەندی کوڕی جێگەی گرتوەتەوە، لەدوای ئەویش مەلا ئەمینی کوڕی لە جێگەی بەردەوام بووە، لەسەر داوای سوڵتانی عوسمانی (عبدالحمید) بەهۆی بەرماڵەکەوە ئەو بنەماڵە دەچنە کەرکوک و سوڵتان مزگەوتیان بۆ دەکاتەوە، لە دوای ئەوان مەلا عەبدوڵای نازەنینی لە مزگەوتی منارە خزمەتی زانستی کردووە. لە بنەماڵەی خادیم و سوجادە زۆر زانای گەورەو شاعیر هەڵکەوتووە، (دڵدار)ی شاعیر نەوەی ئەو بنەماڵەیە . (تاهیر ئەحمەد حەویزی، مێژووی کۆیە، ب2ل287-288)

لە سەدەی نۆزدەو لە شاری کۆیە چەند بنەماڵەیەکی تر خزمەتی خوێندن و زانستیان کردووەو مزگەوت و خوێندنگەیان هەبووە، وەک بنەماڵەی بێتووشی و تاڵەبانی و خەتیب و ئیمام و دایە خەجێ و نازەنینی چەندانی تر . (د.عماد عبدالسلام رؤوف، مراکز ثقافیة مغمورة فی کردستان، ص144-145)

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بەهۆی بوونی ئەو مامۆستا گەورانەو خوێندنگە زانستییەکانیانەوە ڕێنیسانسی شیعری کوردی لە شاری کۆیە سەریهەڵداوە، شاری کۆیە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا پێشەنگی ڕێنیسانسی شیعری کوردی بووە بەهۆی ئەو شاعیرانەی لەو شارەدا پێگەیشتوون، وەک حاجی قادری کۆی و جەلی و نیهانی و حەزینەو ئەختەرو کەیفی و سانی و مەنفی چەندانی تر . (د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب4ل 34-35)

## ٤. کۆتایی توێژینەوە

شاری کۆیە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان، ئەم شارە بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە مێژووی کوردا، شاری کۆیە لەبەر ئەوەی شاربووەو پێشینەیەکی مێژوویی کۆنی هەبووە، هەربۆیە بووەتە ناوەندێکی گرنگی خوێندەواری لە هەموو کوردستاندا، لەکاتی دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا کراوەتە سنجاق و سەردەمێک سەر بە ویلاتی موسڵ و ماوەیەک سەربە ویلاتی بەغداد بووە، لە کاتی دەسەڵاتی میرایەتیە کوردیەکاندا سەرەتا سەر میرایەتی ئەردەڵان و پاشان سۆران و دواتر بابان بووە، هەردوو میرایەتی سۆران و بابان خزمەتی ئەو شارەیان کردووە.

شاری کۆیە لە سەدەی نۆزدەدا بووەتە ناوەندێکی گرنگی خوێندەواری، چونکە میرە کوردەکانی سۆران و بابان هەریەکەیان هەوڵیانداوە ئەو شارە گرنگە بەلای خۆیاندا رابکێشن، لە ئەنجامدا عەبدولڕەحمان پاشای بابان توانیویەتی کۆیە بەلای خۆیدا ڕابکێشی و بنەماڵەی زانستی وەک جەلیزادەو خادیم و سوجادەی بردووەتە ئەو شارەو مزگەوت خوێندنگەی بۆ کردوونەتەوەو کتێبی بۆ دابینکردوون، هەوڵەکانی میری بابان و بنەماڵە زانستیەکانی کۆیە ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە گەشەپێدانی بزاڤی زانست و ڕۆشنبیری شاری کۆیە لە سەدەی نۆزدەدا.

هەروەها بنەماڵەی حەویزی جەلیزادە و خادیم و سوجادەو دایە خەجی و تاڵەبانی و بەرزنجییەکان نازەنینی و دەیانی تر و مەڵبەندە ڕۆشنبیریەکانی کۆیە خزمەتی زۆریان بە خوێندن و ئەدەب و ڕۆشنبیری کردووە لە هەموو کوردستاندا، زانایانی کۆیەو خوێندنگەکانیان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە بزاڤی ڕێنسانسی شیعری کوردیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا.

## ٥. سەرچاوە:

## ٥.١ سەرچاوە کوردیەکان:


ئاراس محمد صالح، دکتۆر، زانایانی ئیصلاح و نوێکردنەوەی ئاینی لە کوردستان، چاپی یەکەم 2018ز، ناوەندی سارا- سلێمانی.

ئاراس محمد صالح، دکتۆر، هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا، چاپی یەکەم 2015ز، چاپخانەی سەردەم- سلێمانی.

تاهیر ئەحمەد حەویزی، مێژووی کۆیە، چاپی یەکەم 1984ز، چاپخانەی (نمیر) بەغداد.

جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسی- کۆمەڵایەتییە، چاپی یەکەم 2006، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی ن ک) سلێمانی.

حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکدانەوەی سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، مەسعود محەمەد، چاپی یەکەم1986، بەغداد.

شمس الدین سامی، کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە، چاپی دووەم2010، دەزگای ئاراس- هەولێر.

عەبدولخالق عەلائەدین، کۆیەو ناودارانی، چاپی2014ز، چاپخانەی منارە- هەولێر.

عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، ئامادەکردنی محمد علی قەرەداغی، چاپی یەکەم 1404ك-1984ز، چاپخانەی شەفیق- بەغداد.

کەریم شارەزا، نازم حەویزی، عوسمان مستەفا خۆشناو، مەجید ئاسنگەر، کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، چاپی یەکەم02009ز، هەولێر.

کەمال مەعروف، دکتۆر، سەرجەمی بەرهەمەکانی حاجی مەلا عەبدوڵای جەلیزادە،

چاپی یەکەم 1434ک-2013ز، نوسینگەی تەفسیر- هەلێر.

مارف خەزنەدار، دکتۆر، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم 2010ز، دەزگای ئاراس- هەولێر.

مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم 1976ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغداد.

ولیەم هیوود، سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ کوردستان ساڵی (1817ز)، وەرگێڕانی: د.نەجاتی عەبدوڵا، چاپی یەکەم 2012ز، چاپخانەی حاجی هاشم- دهۆك.

**٥.٢ سەرچاوە عەرەبیەکان**

ابراهيم فصيح الحيدري، المجد التالد في مناقب مولانا خالد، الطبعة الأولى 2014، المكتبة الهاشمية، اسطنبول.

جواد فقي علي الجوم الحيدري، الدكتور، محمد بن عبدالله الجلي (مەلای گەورە- العلامة)، الطبعة الأولى 1427هـ 2006م، مكتب التفسير- أربيل.

زبير بلال اسماعيل، اربيل في أدوارها تاريخية، الطبعة الأولى 1971م، مطبعة النعمان، النجف.

زبير بلال اسماعيل، علماء ومدارس في أربيل، الطبعة الأولى 1404هـ1984م، مطبعة الزهراء الحديثة، الموصل.

طاهر ملا عبدالله البحركي، حياة الأمجاد من العلماء الأكراد، الطبعة الأولى1436هـ2015م، دار ابن الجوزي، بيروت- لبنان.

عباس العزاوي، المحامي، أربل في مختلف العصور اللواء والمدينة، المراجعة: محمد علي القرداغي، الطبعة الأولى 1422هـ2001م، شركة الخنساء- بغداد.

عباس العزاوي، المحامي، تاريخ العراق بين احتلالين، بدون عدد الطبع ولا تاريخ النشر- مكتبة الحضارات، بيروت- لبنان.

عماد عبدالسلام رؤوف، الدكتور، مراكز ثقافية مغمورة في كوردستان، الطبعة الأولى 2008م، أربيل.

محمد الخال، الشيخ، الشيخ معروف النودهي، الطبعة الأولى 1961م، مطبعة التمدن، بغداد .

**٥.٣ گۆڤار و بڵاوكراوەکان**

کەریم شارەزا، نیهانی شاعیری غەزەلی کوردی 1865-1934، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ژمارە (4) ساڵی دەیەم 1985.

محی الدین ئەسعەد، حاجی، لاپەڕە گرنگە باس نەکراوەکانی مێژوی کۆیە، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (108) کانونی یەکەمی 1985.

مغدید حاجی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، صفحات من حياة الملا محمد الكويي، ژمارە (12) ساڵی 1985ز، بەغداد.

محمد بن احمد المنشي البغدادي، رحلة المنشي البغدادي الي العراق، ترجمة: عباس العزاوي، الطبعة الأولى1948م شركة التجارة والطباعة المحدودة- بغداد.